


# خەمێکی شین

شیعری: ئیسماعیل خورماڵی

**گەڕاننەوەیەک بۆ هەڵەبجەی شەهید**

**ڕەفیقانم**
**گوێ ڕادیرن**
**لە چیرۆکی ئەم جارەم**
**لە گریانی کوڵ بە کوڵی**
**هەتیوێکی**
**ژێر پاساری ئەم هەوارەم**
**عەیامێک بوو**
**ئەم وڵاتی ڕەشەبایە**
**چڵ بە چڵی باخەکانی**
**خۆڵەمێش بوو**
**بەرد بە بەردی گووندەکانی**
**خۆڵەمیش بوو**
**ئاسمانەکەی گۆڕستانی ئەستێرە بوو**
**ئەمە باڵای ڕۆژگارێک بەر لەئێستاکە**
**ئەمێستاکەش**
**لە سای خوێنی شەهید**
**کوردستانم بێ ئەنفالە**
**هەڵەبجەکەم بێ خەردەلە**
**بەڵام ئەی داخ**
**ئەی داخ**

نەژیم یاخوا
ئەوەی کردی
ئێستە هەواڵ خۆشی ناوی
ئەوەی خواردی
هەواڵ پیاوی ئاوای دەوێ
گەر بە منیش باوەڕ ناکەن
تەنها تاقە ئێوارەیەک
بە میوانی بچنە ماڵە شەهیدێکتان
من هیچ ناڵێم
خۆتان بڵێن چی دەبینن ؟
ئافرەتێکی مات ورەشپۆش
مناڵێکی برسی وبێ هۆش
تەماشای ماڵی خۆشتان کەن
بە گوڵەباخ داپۆشراوە
بە زەوقی جوان داپۆشراوە
زەمانەیە گەلی برا زەمانەیە
هاورێ ی وەفا ئاوادەبێ
هاوڕێ ی شەهید ئاوا دەبێ
زەمانەیە
گەلی برا
کەسی شەهید ئاوا دەبێ

هەڵەبجەی شەهید/1993